# له ساڵرۆژی  شه هیدان خه لیل  و حه مید،
# پێشنیازه ک بۆ په رله ما نی کوردستان

## قادر نادر

لــه شۆرشــی ئــه م جــاره ی گــه لــه کــه مــان ، لــه باشووری کوردستاندا ، بـه قوربانیـه کـان و شۆڕشگێڕیـه تـی  بیری سۆسیالیزم ، توانرا ململانێ لـه گـه ڵ داگیرکـه رێکـی دڕه نـده ی  وه ک ڕژێمی سه دام بکرێت ؟  که چی هێزه نه یاره کانی  چه پی کوردستان،   به رووبومه که ی ده خۆن!؟.  خه ڵکی ئـه نفال و کیمیابارن کراو گـه وره تـرین قوربانیـان دا؟ کـه چـی ئـه نفالـچی و فایلـدار و مـه فره زه تایبـه تیـه کـان زیـاتر ده ست کـه وتیـان بـه ر کـه ووت !!!. ناوچـه  تـه عریبکراوه کان ڕووبه ڕووی گه وره ترین پڕۆسه ی ده ر کردن و سامان وموڵك ومـاڵ داگیرکـردن بوو نـه وه ؟ کـه چی ناوچه ی لـه دایک بووه کانی سه رکردایه تی  پارتی و یه کێتـی ،  گـه وره تـرین پڕۆژه ی ئـاوه دان کردنـه وه یـان پـێ بـه خـشرا !!؟.  وه ئـه وانـه ی دژی ئـه وشـه ڕه نـه گریـسه  4 سـاڵیه ی پـارتی و یـه کێتــی  بــوون،  خــه لکـی مارکسیسیـست و ڕه نجـده رانــی کوردستان بوون ، که چی قاره مانانی شه ری ناوه خۆ، هه ر که ڵه گای ئه م میلله ته ن!!؟.

دوای ئـه وه ی لـه ڕۆژانـی سه ره تایی  شه ڕی پارتی و یه کێتـی ده سـتی پێکـرد ، بیرمـه کۆمـه ڵێکـی زۆر ، لـه که سایه تیـه چه په  هه مه ڕه نگه کانی هـه ولێـر  کـه خـه ریکـی ڤیـستیڤالێک بـووین لـه نـاوه نـدی ڕۆشنبیری سـه رده م ، وه  هـه ر یـه کـه مـان لـه نێـو ڕێکخـراو  و حزبێـک بووین ،  بڕیاری خۆپیشاندانمان دا بۆ وه ستانی ئه م شه ره .

ئــه وه بــوو لــه ڕۆژی 7/5 /1995 لــه بانگــه وازێکـدا ، داوا لــه خــه ڵـك کـرا،  کــه ڕۆژی 8/5 خۆپیشاندان ساز ده کرێت لـه به رده م کۆتری ئاشتیدا  .  دوای ئـه وه ی  جه ماوه رێکی پـان و بـه رینـی خـه ڵکی هه ولێر لـه م ڕۆژدا ، لـه بـه رده م شوێنـی خۆپیشاندان کۆ  بوو نـه وه ،  چرکـه دوای چرکه ش ده یان که س،  ده هاتـه ناو ئاپۆره ی  خۆپیشانده رانه وه  .

ئـاخر خه ڵکی هه ولێر و خۆپیشانده ران ،  باش ده یان زانـی  شه ڕی ناوه خۆ چیه و  چـه نـده کاریگـه ری خراپـی ده بێت لـه سه ر خـه ڵکی کوردستان  وکێشه کـه ی ؟   بـه ڵام ده سـتێکی ڕه شی  قاره مانانی شه ڕی ناوخۆ،  لـه دووری تـه نیـا  100 مـه تری   ده یان چه کداری ئـه و دوو هێزه،  کـه لـه  بینایـه  بـه رزه کان،  سه نگه ریان لـه یـه کتر گرتبـوو،  کـه ووتنـه ده ست ڕێـژی ئـه و خــه ڵکـه خۆپیـشانده ره ی  کـه ده یوویـست ئـه و ئـاگره  گـه وره بکوژێنێتـه وه،   کـه تێنووانـی شه ڕی ناوخۆ ده ستیان پێکـردووه  . تـه قه کردنـه کـان بـه ئاڕاسته ی ترسـاندن نـه بوو،  تا کۆتایی به خۆپیشاندانده ران بهێنرێت، به ڵکو  ئامانج ئـه وه بوو،  خه ڵـک هـه وڵ نـه دات جارێکی تر خۆپیشآندان بکات  تا ئـه وانیش پیلانـه چه په ڵه که یان  بـه رده وام بکـه ن. هه ر بۆیه ش ئاڕاسته ی تـه قه کان  لـه چه ندین لاوه ،  بـه نیـازی شـه هیـد بـوونـی  ئـه و خـه ڵکه ئاشتیخوازه ی شاری   هه ولێره وه بوو.

ئـه مه ش وای کرد  لـه  چاو ترووکانێکدا چوار ده ووری کۆتری ئاشتـی بـه خوێن ئاو بدرێت .

ئـه و وێنـه یـه م قه ت  لـه یاد ناچێت .. کۆمه ڵێک هاوڵاتی شاری هه ولێر ، لـه م شه قامـه کـه ووتوون ،   هه ر یـه کـه ی   ئازار و ناڵه ی شوێنێکی ده هـات،  وه لــه م   کاتــه ی   ده ستڕێژی

ته قه به رده وام بوو، شه هید شاپوور که سێکی له باوه ش گرتبوو ، که وه ک جۆگه له خوێنی له به ر ده چوو، هاواری ده کرد به په له بیگه یه نه خه سته خانه ، بۆیه به کۆمه ڵێک خه ڵک جامی ئۆتۆمۆبیلێکیان شکاند و توانرا کاری پێ بکرێت و بیگه یه نرێته خه سته خانه .

له م خۆپیشاندنه دا دوو شه هید درا که به ناوی (خالید خه لیل حه مه ده مین و حه مید حوسێن) له گه ڵ 6 بریندااردا، که زۆری برینه کانیان سه خت بوو... ئه مه تاوانێکی یه کجار گه وره بوو ، چوونکه هه ر شه هید کردنی ئه و دوو مرۆڤه نه بوو ، به ڵکوو شه هید کردنی میلله تێک بوو ، وه سه ره تای ئه و ماڵوێرانیه گه وره بوو، که هه مووما ن دیمان چ کاره ساتێکی لێ که وته وه ؟

وه ئه م 2 شه هیده، شه هیدی ئاشتین و له م پێناوه شدا گیانیان له ده ستدا ، وه هه ر دووکیان له دوو بنه ماله ی ڕه نجده ری هه ولێر بوون ، به هه ر چ پێوه رێک بێت، مافی ئه وه یان هه یه له سه ر ئه م میلله ته ببن به سیومبلی دژه شه ر له شاری هه ولێردا ، بۆیه هیوادارم گه ر بۆ جارێکیش بێت ، په رله مانی کوردستان له سه نگه ری میلله ته وه بێت، نه وه ک حزبه کان، بڕیارێکی وا ده ر بکات و داوای لێ کۆلینه وه ش بکات له سه ر ئه م تاوانه، به مه ش سه روه ریه کی گه وره بۆ خۆی تۆمار ده کات. ئاخر ئێوه ش نه یکه ین ، سبه ی له مێژوودا ئه م دوو شه هیده ده بنه سیمبوولی ئاشتی ؟

خۆ ئه گه ر ده سه ڵاتدار بتوانێت ، بۆ ماوه یه ک مێژوو بنووسێت، ئه وا سه ره نجام ئه م مێژووه ناچێته خانه ی لاپه ڕه کانی مێژوودا ، ئه وه ی تۆمار ده کرێت هه ر ڕاستیه مێژوویه کانه ، بۆیه قاره مانانی شه ری ناوه خۆ، په روه ندی خۆیان ده بێت و شه هید خه لیل و حه میدیش دڵنیام ده بن به سیمبولی ئاشتی له شارێک ، که 15 ساڵه له ململانێی ئه م 2 هێزه گه وره ترین زیانی به ر که وتووه؟

کرێکاران .... زەحمەتکێشان جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان

لە کاتێکدا هەل و مەرجی ژیان و گوزەرانی خەلکی کوردستان لەوپەری ناهەمواری دایە گرانی بازارو بێکاری ئاوارەیی و بێ داودەرمانی موتەکەی مەرگن و ڕۆژانە هەڕەشە لەبوون و مانەوەمان دەکات.

ئا لەم کاتەدا جەماوەری کوردستان ڕووبەڕووی گەورەترین مالوێرانی و مەترسی دەبنەوە لە ئەنجامی ئەم شەڕەی کە لەم دوایەدا لەنێوان هەردوو حیزبی دەسەلاتدار لە کوردستان بەرپا بووە.

بۆیە ئێمە جەماوەری ئازادیخواز و دژ بە شەر ئەم شەرە مەحکوم دەکەین و خوازیارین دەست بەجێ ئەم شەرو پێکدادانە کۆتایی پێ بێت.

وە بە مەبەستی هەنگاونانی عەمەلی و جدی لەپێناو کۆتایی هێنان بەم بارودۆخە نائاسایە، ئێمە (پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، حیزبی کۆمونستی کرێکاری عێراق، یەکێتی بێکاران لە کوردستان، ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان، ڕێکخراوی سەرتاسەری کرێکارانی هەولێر (فید راسیون) لیژنەی سەرپەرشتی داواکاری کرێکاران و کارمەندانی تەندروستی، سەندیکای پزیشکی کوردستان، بزاڤی خوێندکار و لاوانی کوردستان، کۆمەلەی ئاوارەکانی کوردستان – کۆمیتەی هەولێر، مەلبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاری)، هەلساوین بە پێک هێنانی کۆمیتەیەک بەناوی (کۆمیتەی دژ بە شەر) وە ئەم کۆمیتەیە کراوەیە هەرلایەنێکی سیاسی و ڕێکخراوەی جەماوەری کە التزام بە ئامانجی ئەم کۆمیتەیە بکات وە ئێمە لە ئێستا داخوازی جێ بەجێ کردنی ئەمانەین.

١- ڕاوەستانی دەست بەجێی هەموو شەر و پێکدادانێکی لێرە و لەوێ لە کوردستان.
٢- ئەو هێزانەی بەنیازی شەر کۆکراونەتەوە و بارەگای چەکداریە تایبەتیەکان بچنە دەرەوەی شار.
٣- ئارام کردنەوەی بارودۆخی کوردستان بۆ ...رد... هەلگیرسانی شەر.
٤- قەرەبووکردنەوەی تەواوی زەرەروزیانێک کە هەرکەسێ کەوتووە لە ئەنجامی ئەم شەرە لەرووی مادی مەعنەوی.

وە ئێمە بانگەوازی تەواوی جەماوەری ئازادیخواز دەکەین کە ئەمڕۆ سەعات (٤)ی ئێوارە لە گۆڕەپانی (کوتری سەلام) کۆببنەوە بۆ نارەزایی دەربڕین دژ بە شەڕ.

نەفرەت لە شەر

بژی ئاشتی

کۆمیتەی دژ بە شەر
١٩٩٤/٥/٧

Kurdistan Refugees Society

ڕێکخراوی ئاوارە و ئەنفالەکانی کوردستان
Kurdistan Refugee and Anfal Organization

کرێکاران .. زەحمەتکێشان جەماوەری ئازادیخوازو ئاشتی خوازی کوردستان

لەکاتێکدا ئێمە جەماوەری ئازادیخوازو ئاشتی خوازی شاری هەولێر بەهەست کردن بەمەسئولیەتی مێژوویی بەرامبەر بەزیان و گوزەرانی کومەلانی ستەم دیدەو زەحمەتکێشی کوردستان و بەمەبەستی رێگرتن لەزیاتر رژانی خوێنی خەلکی زەحمەتکێش و بێ تاوان . هەلساین بەسازدانی رێپێوانێکی ئاشتخوازانـــــە

ئالەم کاتـەدا دەستی چەپەل و تێنوبەخوێنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و دوژمنانی ئاشتی تاوانێکـــی زۆر نامرۆڤانەی بەرامبـەر ئەم جەماوەرە بێ چەک و ئاشتخوازە دەرئەنجامدا کەبووە هۆی کوژرانی دوو هاوولاتیان ( خالد خلیل حمدامین ) و ( حمید حسین ) وبریندار بوونی هاوولاتیان ( نعمت صالح ، خضر صوفي نامند ، جوهر انور عبدالجبار ، عمر قاسم قادر ، معروف سوارە مولــــود ، جوهر جعفر حسین ) .

ئێمە لەکاتێکدا ئەم کارە دژی ئینسانی یە زۆر بەتوندی ریسوا دەکەین ، داوا کارین کە خوێن رێــژان لەدادگایەکی ئاشکرای جەماوەری موحاکمـە بکرێن .

جەماوەری ئازادیخوازو ئاشتی خوازی کوردستان

ئێمە ئاگادارتان دەکەینەوە کە ئێستا ئێمە لەلێکولینەوەداین بو ئەوەی ئەم لایەنەی کە ئەم کــارەی ئەنجام داوە ئاشکرا بکەین . وە ئێمە لەکاتی کوتایی هاتن بەم لێکولینەوە دەرئەنجامەکەی رادەگەینین

وێنەیەک بـــۆ / ــە

ڕێکخراوی
ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان
Kurdistan Refugee and
Aafal Organization

حیزب و ریکخراوە جەماوەری و پیشەیەکان
دەزگاکانی راگەیاندنی و بلاوکردنەوە لەکوردستان
حیزب و ریکخراوە سیاسی یەکانی ناوچەکە
ریکخراوەی کرێکاری و ئاشتی خوازو مرۆڤ دوستەکانی جیهان
دەزگاکانی ئاشتی و خێر خوازی یە جیهانیەکان .

Refuges Society

کومیتەی دژبەشــەر

١٩٩٤/٥/٨